# شێوازی کەڵکوەرگرتن لەخزمەتگوزاریی زمانوەرگێڕ

ئاپریلی 2011

How to use interpreting services - Kurdish

زمانوەرگێڕەکان، شارەزایانێکی فێرکراو لە بواری زمانگەلێکی تایبەتن کەدەتوانن گەرەنتی بکەن پێوەندیەکانی نێوان ئێوەو یارمەتیدەرانی کۆمەڵایەتی ئێمەبەروونترین ڕەوشێ کەبکرێت دادەمەزرێت.

ئەمەبەتایبەت کاتێ گرنگایەتی هەیەکەئێوەهەندێ زانیاریی لەپێوەندی لەگەڵ هۆی داواکردنی پەنابەریەتی پێشکەش دەکەن. وەرگێڕ یارمەتی دەدات کەنادیاریەکان و لێکتێنەگەیشتنەکان بگەنەلانیکەم. ئێمەکەڵکوەرگرتن لەهەواڵان یان ئەندامانی خێزان لەبۆ وەرگێڕان بەتەواوەتی بەهەڵەدەزانین لەبەر ئەوەی کەئەوان پێوەندیدەرانێکی زمانی فێرکراو نین. کەواتە، ڕەنگەشارەزایی پێویستیان لەبۆ گوتنی روون و وردبینانەی وتەکانی ئێوەنەبێت و دەرەنجام ببێتەهۆی بەهەڵەلێکتێگەیشتن.

ئەگەر وادەزانن کەلەنووسراوەکانی نێوان خۆتان و کارگێڕانی ئێمەبەچاکی تێناگەن، ئێمەکاری پێویست لەبۆ ئامادەبوونی وەرگێڕێک بۆ ئێوەجێبەجێ دەکەین. ئەگەر بەزاراوەیەکی تایبەت قسەدەکەن، تکایەئاگادارمان بکەنەوە، ئێمەش تێدەکۆشین کارێک بکەین کەئەم پێویستیەی ئێوەچارەسەر بکەین.

وەرگێڕ نابێت داوای پارەلەئێوەبکات، ئەگەر داوای کرد دەستبەجی ڕاپۆرتی بکەن.

**ماف و بەرپرسایەتیەکان**

وەرگێڕی دابینکراو دەبێت بتوانێ بەو زمانەی ئێوەدەتانەوێت قسەبکات و لێی تێبگات. ئامادەکردنی وەرگێڕێ کەبەو زمانەی ئێوەدەتانەوێت قسەبکات، ڕەنگەهەندێ جار سەخت بێت؛ بەوەشەوە، ئەوەمافی ئێوەیەکەزمانوەرگێڕێک بەو تایبەتمەندیانەی خوارەوەتان هەبێت:

- بێ لایەن – هەوڵ نەدات وتەکانی ئێوەبگۆڕێت یان بەهەڵەوەریانگێڕێتەوە
- خاوەن شیاویەتی – تا دەکرێت، وەرگێڕانی وشەبەوشەجێبەجێ بکات و واتای وتەکانی ئێوەنەگۆڕێت
- شارەزا – لەئێوەوەکو تاک و هەروەها لەهەرێمی تایبەتی ئێوەرێز بگرێت و وێرای پێشێل نەکردنی ئەسڵەکانی نهێنی بوون لەدەرخستنی وتەکانی ئێوەبۆ سەرچاوەدەرەکیەکان خۆبپارێزێت
- ئاکاری بێ جیاوازیدانان – بەجۆرێ هەڵسوکەوت نەکات کەوەکو هەڵاواردن (جیاوازیدانان) لەدژی ئێوەبەهۆی نەتەوە، خزمایەتی، بڕوا و باوەڕەئایینی یان سیاسیەکان، جینسییەت، حەزی جینسی، تەمەن یان بابەتەکانی پێوەندیدار بەتەندروستی لەقەڵەم بدرێت

ئەگەر بۆتان گرنگ بێت دەتوانن داوا بکەن کەوەرگێڕەکەژن یان پیاو بێت. ئێمەئەوپەڕی هەوڵی خۆمان دەدین بۆ دابینکردنی داواکاریەکەی ئێوە؛ ڕەنگەئێمەبەشێوەی ئامادەبوون یان تەلەفۆنی وەرگێڕ دابین بکەین.

Scottish Refugee Council, 5 Cadogan Square, (170 Blythswood Court), Glasgow G2 7PH Tel: 0141 248 9799, Fax: 0141 243 2499,
www.scottishrefugeecouncil.org.uk
Scottish Refugee Council is a charity registered in Scotland.
Registered Charity: SC008639

**دژایەتی بەرژەوەندیەکان**

ئەگەر وەرگێرەکەبۆ رێکخراوەیەکی تر بۆ ئێوەکاری وەرگێرانی کردووەیان هەر لەپێشەوەئێوەدەناسێت و وەکو ناسیاو یان هەواڵی ئێوە کاری کردووە، دەبێت لەلایەن ئێوەو وەرگێرەوەهەردووکتان یارمەتیدەری ئێمەئاگادار بکرێتەوە.

**ئەگەر ناتوانن لەکاتی دیاریکراوی چاوپێکەوتندا ئامادەبن**

ئێمەرێکخراوێکی خێرخوازین کەسەرچاوەی داراییمان کەم و سنووردارە. ئەگەر بۆ ئامادەبوون لەدانیشتنی چاوپێکەوتندا دێر بێن یان چاوپێکەوتنەکەلەدەست بدەن و ئێمەش لەپێشدا زمانوەرگێرێکمان رزێرف کردبێت، دیسان دەبێت ئێمەپارەی وەرگێرەکەبدەین.

ئەگەر ئامادەنەبوون لەچاوپێکەوتنەکاندا دووپات بکرێتەوەو بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەوانەلەپێشدا دەست بەکار نەبن، ئێمەناتوانین خزمە تگوزاریی وەرگێر پێشکەشی ئێوەبکەین.

ئەگەر بەهەر هۆیەک ناتوانن لەدانیشتنی چاوپێکەوتندا ئامادەبن، بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەوەلەرێگای ژمارەی **0800 085 6087** پەیوە ندیمان پێوەبکەن (پەیوەندی لەرێگای هێڵەکانی تەلەفۆنی نەگۆرەوەبەخۆراییەبەلام لەرێگای تەلەفۆنی لەگەڵ یان موبایل دەکەوێتەبەر پارە دانی تێچوونی پێوەندیدار).

**شێوازی پێشکەشکردنی سکاڵایەک یان پێشنیار**

وەرگێر لەبواری نامەنووسینەکان و پێوەندیەکاندا یارمەتی دەدات. وەرگێرەکان راوێژکار نین؛ ئەوان ناتوانن سەبارەت بەکۆچبەریی و داواکاریی بۆ پەنابەریەتی راوێژکاریی پێشکەش بکەن.
ئەگەر سەبارەت بەو خزمەتگوزاریانەی کەوەرگێرەکەتان پێشکەشی دەکات رازی نین یان دەتانەوێت هەندێ پێشنیار بهێننەئاراوە، دەبێت دەستبەجێ یارمەتیدەری خۆتان یان یەکێ لەکارگێرانی ئێمەلەئەنجومەنی پەنابەرانی سکۆتلەندا ئاگادار بکەنەوە.

ئەگەر سکاڵاکەی ئێوەچارەسەر نەکرا، دەتوانن بەپرکردنەوەی فۆرمی سکاڵای ئێمەکەدەکرێت لەرێگای نووسینگەکان یان ماڵپەری ئە نجومەن بەو ناونیشانەی خوارەوەوەرگیردرێت، بۆ پێشکەشکردنی سکاڵای فەرمی دەست بەکار بن:
http://www.scottishrefugeecouncil.org.uk/assets/0000/0183/Complaint_leaflet_English_March_2010.pdf

یان لەرێگای ماڵپەری ئێمەوەپەیوەندیمان پێوەبکەن: http://www.scottishrefugeecouncil.org.uk/contact

فۆرمی سکاڵای پڕەوکراو دەبێت بنێردرێتەوەبۆ نووسینگەکەی ئێمە.

لەپێشنیارەکانی ئێوەش پێشوازی دەکرێت و ئێوەدەتوانن ئەوانەبخەنەسندۆقی پێشنیارەکان هەڵکەوتوو لەنووسینگەی ئێمەدا.

ئەگەر وادەزانن کەراوێژکاریی لاواز یان خزمەتگوزاریی ناتەواوتان وەرگرتووە، دەتوانن بۆ نووسینگەی فەرمانبەری بەرزی کۆچبە ریش (Office of the Immigration Commissioner) (OISC) سکاڵا بکەن: http://www.oisc.gov.uk/